# نمایشێکی شکۆدار بۆ دیفاع له مافي په نا به ری سویدی هەژاند !




## 10ی دیسمبه ر شه قام و شوێنه گشتي يه كاني شاره كاني سويد بووه گۆڕه پانی هاتنه مه یدانی به ره یه کی

## پێشکه ووتوخواز !

لەکاتێکدا ئێمە ڕۆژان وولاتانی ئەوروپا دەبینینەوە کە چۆن سیاسەتە دژی پەنابەریەکانی خۆیان فراوان وفراوانتر دەکەنەوە، لەکاتێکدا کە ئەم وولاتانە بڕیاری دیپۆرت کردنەوەی هەزاران پەنابەر دەدەن . دەنگێکی تر کە دەنگی کۆمەلگایە، دەنگی زۆربەی زۆری خەلکی ئەم وولاتانەیە، نـــــــــــــــایەکی گەورە دژ بە سیاسەتەکانی ئەم حکومەتانە دەلێن وهاوپشتی وهاودلی خۆیان بۆ پەنابەران ڕادەگەیەنن و هێزی یەکگرتوویان دەهێننە مەیدان !

ئەمرۆ کۆمەلگای سوید مێژوویەکی نۆێ و پرشنگداری تۆمارکرد . مێژووی گەورەترین نمایشی داکۆی کردن لەمافی پەنابەری. مێژووی تۆمارکردنی گەورەترین دەنگ هەلبڕین لەبەرامبەر بە سیاسەتە دژی پەنابەریە کانی حکومەتی سوید. مێژووی ڕۆژی هاوپشتی بە پەنابەران، لە 26 شاردا ئەونجامدرا. ئەمڕۆ سیمای وولاتێک بە هەناوی هاوپشتی یەکی گەورە لەگەل هەموو ئەو پەنابەرانەی کە چەندین سالە لە سویدا لە چاوەڕانیدا بەسەر دەبەن و یا بەنهینی دەژین، خۆی نواند. هاوپشتی بە پەنابەرانی هەموو زمانە جیا جیاکانی کە لەم وولاتەدان. ئەمڕۆ ئەم هاوپشتی یە یەک جاری تر ئەو ڕاستی یەی سەلماند کە ئینسانی بوونی ئینسان نازنامەی واقعی وخالی پیکەوە ژیانی هەمووومانە . ئەمڕۆ شەقامەکانی ستوکهولم جریوەی یەک دەنگی یەک بوو کە نەڕەنگ ونەمیللەیەت ونەئاین و نەجنسیەتی دەناسی یەوە. ئەمڕۆ شەقامەکانی شار بووە مەلبەندی نمایشکردنی هێزی مرۆڤایەتی وهاوپشتی یەکی نێونەتەوەی. ئەمڕۆ هەزاران ئینسان ڕایانگەیاند کە دژ بە ستەم و چەوسانەوەی پەنابەران و بە پلە دوو نیشاندانیانن .

هەروەک پیشتر بە ئاگاریتانمان گەیاند کە ئەم خۆپیشاندانە لەلایەن شەبەکەی **ئـەمنستیٍ فـلٚیکتینگ** **(flyktingamnesti)2005** وە بەرپاکرا، کە پێکهاتووە لە نزیکەی 50 حزب و رێکخراوی و لایەنی

پیشەی و جەماوەری ئینسانی و چەپ و رادیکال . سەرتا هەموو بەشدرابووان لەمەیدانی .... کۆبوونەوەو پاش بەسەر بردنی ماوەیەک و قسەوباس کردن لە لایەن ژمارەیەک لە نووینەرانی حزب ولایەنەکانەوە ، پاشان خۆپیشاندەران بە ڕیپوان بەرەو پەرلەمانی سوید کەوتنەڕێ تا نەفرەت و بێزاری خۆیان دژ بە سیاسەتی حکومەتی سوید دەربرن ! شایەنی باسە لەم خۆپیشاندانی شارەکاندا هاوری یان ئاسۆ بالابەرز ، سۆسەن ، قادر مەجید وەک نووێنەرانی فیدراسیون ... قسەوباسی بۆ بەشدرابوونی خۆپشاندانەکە کرد .

شایەنی باسە کە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە سوید یەکێک لە پێکهێنەرانی چالاکی ئەم شەبەکەیە بوو کە ماوەی چەند هەفتەیەک کارو بارو تەبلیخاتیکی چروپری ئەنجامداوە لەچەندین شاری سویدا . هەروەها لە بارەی ئەم خۆپیشاندانەوە لەگەل زیاتر لە 12 کەنالی رادیۆی چاوپیکەوتنیان کردو لەسەر ئامانجەکانی ئەم جولانەوەیەو بارودۆخی پەنابەران لە سویدو گرفتە پەیوەندارەکانی قسەوباسیان کرد . لەوانە چاوپێکەوتنی ئاسۆ بالابەرز لەگەل ڕادیۆکانی هاوپشتی ، دەنگی کورد ، شەبەنگ ، هەروەها بابان عسمان رادیو شەبەنگ ، خویندکاران ، زرێبار ... .

جیگەی خۆیەتی کە لیرەدا پیرۆزبای خۆمان بۆ بەدەستهێنانی ئەم سەرکەوتنە مەزنە لە هەموو لایەنە بەشداربووکانی ئەم خۆپیشاندانە ڕاگەیەنین و هەروەها داوا لە هەموو پەنابەران بکەین کە بۆ داکۆکی کردن لەمافی پەنابەری خۆیان بینەمەیدان و پشت بەستوو بەم هێزە ئینسانی یە خەباتی خۆیان درێژە پێ بدەن و لە خۆپیشاندانی ڕۆژی 14ی ئەم مانگەدا کە رۆژی بریاردانە لەسەر چارەنووسی پەنابەران، لەبەردەم پەرلەمانی سویدا بەشداری بکەن بۆ پێ داگرتن لەسەر داخوازیەکانمان .

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە سوید

2005 / 9 / 11